


## *Cymbal*

ووشه ی(Cymbal)ناوی یەکێکە لە ئنسترومێنتە موزیکییە پێرکێشنەکان یا ڕیتمییەکان ،وە لەزمانی کوردیدا زیاتربۆ ئەم ئنسترومێنتە ناوی (سەنج ) بەکاردێت. ئەم ئنستروميێنتە لە دوو پارچەی بازنەیی پێکدێت کە لە کانزا دروست دەکرێن ،وە هەر یەک لەم پارچانە بە دەستێک دەگیرێت و بە جوڵەیەکی پێچەوانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەکێشرێت بە یەکداو دە نگێکی ڕیتمیکی تیژی لێوە درووست دەبێت ، کە ئەم دەنگە لەرینەوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ خایانی دەبێت . سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئنسترومێنتی(Cymbal)دەگەڕیتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونییە کۆنەکان لە میسرو بابلییەکان لە عێراق ، وە ئەم ئنسترومێنتە لە چاخەکانی ناوەڕاسدا گەیشتووە بە میللەتانی یۆنان و ڕۆمان ، وە لەویشەوە گەیشتووە بە وولا تانی ئەوروپا ، وە لەسەردەمی ئێستادا ئەم ئنسترومێنتە بە یەکێک لە ئنستر ومێنتە گرنگەکان دادەنرێت لە ئۆرکستراکان و گروپە موزیکییە سەربازییەکاندا .

Muzic-Chrakan
2005